# میدیا پلەیەری 3D



جیهانـــی ســێ ڕەهەنـــدی هەمـــوو پانتاییەکـــی تەکنۆلۆژیای گرتۆتەوە، لە مۆبایـــل و کامێراوە تـــا دەگاتە کۆمپیوتەر و تەبلێـــت و تەلەڤزیۆن.. لـــەم دواییانەدا کۆمپانیایەکی چینی جۆرە میدیا پلەیەرێکی بەرهەم هێناوە کە بەبێ چاویلکە دەتوانرێت وێنە و ڤیدیۆیی ســێ ڕەهەندیەکان نیشان بدات. میدیا پلەیەرەکە بە P83ناســـراوە، بەڵام خودی ئامێرەکە بەتەنیا بەس نییە بۆ ســـەیرکردن، بەڵکو دەبێت ئەو وێنە و فیلمانەی دەخرێنە سەر ئامێرەکە ئەوانیش سێ ڕەهەندی بن. خودی ئامێرەکە وەك هەموو PMPـەکانی دیکەیە، شاشـــەکەی 8 ئینجە و چوار گیگابایتی رامی خۆیەتی و دەتوانرێت هەتا 32 گیگابایتیش میمۆری دیکەی لەســـەر دابندرێت. هەروەها دەتوانرێت ئەو ئامێرە وەك کتێب خوێندنەوەیەکی ئەلکترۆنی سوودی لێوەربگیرێت...

# گوگل کتێبخانەیەکی دیجیتالی بەرهەم دێنێ



جیهانی دیجیتالی شێوازی خوێندنەوەش دەگۆڕێ، هەتا ئێســـتا ئەوەی دەبینن کتێب چاپ دەکرێت و دواتر لەلایەن خوێنەرانەوە دەخوێندرێتەوە، بەڵام ئێســـتا چەند ســـاڵێکە بەهۆی داهاتنی ئامێری کتێب خوێنەوە، کە قەبارەی بچووکە و کێشی کەمە و هەزاران کتێب لەخۆیدا دەگرێت شێوازی خوێندنەوەش گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

گـــوگل لـــەم چەنـــد ڕۆژەدا ئامێـــری کتێبخانە دیجیتالییەکە کە بە iriver story HD ناســـراوە، دەخاتە بازاڕەوە، مەبەســـت لە بەرهەمهێنانی ئامێرەکە ڕکابەرییـــە لەگەڵ کۆمپانیای ئامازۆن کە زۆر پێش لە گوگل ئـــەم کارەی کردووە، بەڵام بەرهەمەکەی گوگل دوو جیاوازی سەرەکی تێدایە، یەکەمیان بەهۆیەوە دەکرێت 3 ملیۆن کتێب بە خۆڕایی دابەزێنی، دووەهەمیشـــیان دابەزاندنەکە لە ڕێگەی سیســـتەمی وایەرلەیس دەبێت، ئیدی پێویســـت بە کۆمپیوتەر ناکات بـــۆ دابەزاندنی کتێبەکان.

# ڕاوە ماسیش بوو بە دیجیتالی



دنیـــای دیجیتالی هەروا دێـــت و بەرفرە دەبێت و خۆی لە هەموو کەلێن و کولەبەرێکی ژیاندا دەکاتەوە، ماســـیگری جاران تەنیا بە قولابێکی ئاســـنی ئەنجام دەدرا، بەڵام ئێستا ئەو قولابەش بۆتە دیجیتالـــی، کۆمپانیایەك قولابێکی دیجیتالـــی بەناوی FishEyes rod & Reel بەرهەم هێناوە کە شاشەیەکی جۆری LCDی لەسەرە و بەهۆیەوە ناو ئاوەکە دەبینی.

قولابـــە دیجیتالییەکە هەروەك قولابێکی ئاســـایی دەچێـــت، بـــەڵام لـــە کۆتایی قولابەکـــەدا کامێرایەکـــی زۆر بچووکی ڤیدیۆیی هەیـــە کە دیمەنی ناو قوڵایی ئاوەکە دەگوازێتەوە بۆ ســـەر شاشەکە.

جگە لەوەش گلۆپێکیـــش لە نزیك کامێراکە هەیە بۆ ئەوەی کە شـــوێنە تاریکەکانی ناو ئاوەکە نیشان بدات. ئیدی بەکارهێنەری قولابەکە دەبینێ چ کاتێك ماسییەك لە قولابەکە نزیك بۆتەوە و چ کاتێك ماسی بە قولابەکەوە دەبێت.. ئەو قولابە دیجیتالییە بە چوار باتری قەڵەمی ئیش دەکات.

## فلاش میمۆرییەكی زۆر جێی متمانە



فلاش میمۆری ئەو ئامرازە بچووك و گرنگەیە كە بۆ داكردنی داتاكان و هەڵگرتنیان هیچ شتێك جێگەی ناگرێتەوە، بۆیە لەفلاش میمۆریدا دوو شت زۆر گرنگن، یەكەمیان جێگەی دڵنیایی بوون، دووەهەمیان قایم و پتەوی و زوو تێكنەچوونی.. لە فلاش میمۆری جۆری كریپتیكسدا هەر دوو ئەو خاڵە ڕەچاوكراون. كاتێك بۆ یەكەمجار فلاش میمۆرییەكە دەبینی، پێتوایە شوێنەوارێكی دێرینە. فلاش میمۆرییەكە لەلایەن كەسێكی رووسیەوە بەرهەم هاتووە، لەسەر فلاش میمۆرییەكە ژمارەیەكی نهێنی هەیە، تا كاتێك ژمارە نهێنییەكە بە دروستی نەزاندرێت، هیچ سوودی لێوەرناگیرێت.

## بە مەنجەڵ ئامێرە دیجیتاڵییەكان شەحن بكەوە

زۆر جاران هەر لەم فایلەدا باسی دابینكردنی وزەی پێویست بۆ ئامێرە دیجیتالییەكانمان كردووە وەك دابینكردنی وزە لە ڕێگەی خۆر، با، ئاو، ئاگر، خواردنەوە..تاد.. ئەمجارەیان كۆمپانیای TESی ژاپۆنی جۆرە مەنجەڵێكی بەرهەمهێناوە كە بە Hatsuden –nabe ناسراوە، بەهۆی ئەو مەنجەڵەوە دەتوانرێ مۆبایل و ئامێرەكانی دیجیتالی دیكە شەحن بكەیەوە. ئەویش تەنیا بەهۆی ئاوی كوڵاوی ناو



مەنجەڵەكەوە، مەنجەڵەكە هەروەك مەنجەڵێكی ئاسایی دەچێت، بەڵام ئەوەندەی هەیە كە لە كۆتایی مەنجەڵەكەدا كێبڵێكی جۆری USB هەیە، كاركردی شەحنكردنەوەكە زۆر ئاسانە، كاتێك ئاوەكە لە مەنجەڵەكەدا دەكوڵێت دەبێتە هۆی ئەوەی كە سیستەمی شەحنكردنەوە بەكار بكەوێت و بەهۆیەوە ئامێرەكان شەحن ببەنەوە.. دیارە مەنجەڵەكە زیاتر بۆ دارستان و گەشت و گەڕان گونجاوە..

## پرێنتەری سێ ڕەهەندی Objet260 خەیاڵ یان ڕاستی

ئێستا پێویست ناكات نەخشەسازان و ئەندازیاران بیرۆكەكەی خۆیان لەسەر كاغەز یان "ماكێت" دابرێژن، چونكە پرێنتەری سێ ڕەهەندی دەتوانێت بیرۆكەكەیان بە سێ ڕەهەندی نیشان بدات. بۆ نموونە تۆ ئەندازیارێكی بیناسازی، پێشتر كە نەخشەی بینایەكت لەسەر كاغەز یان كۆمپیوتەر دیزاین دەكرد. ئێستا دەتوانی بە شێوەیەكی سێ ڕەهەندی وەك واقیعی بە پرینیتەری سێ رهەندی Objet260 نیشان بدەی. ئەو چاویلكەیەی كە دەبینن بەرهەمی پرێنتی ئەو ئامێرەیە. تەنانەت دەتوانێت لایە شەفاف و روونەكانی واتە جامی چاویلكەكەش دروست بكات. پرینتەرەكە ئامێری فلوتی پێ دروستكراوە كە وەك فلوتی ڕاستی كاریشی كردووە.









## مۆنیتۆرێکی زۆر دەگمەن لە ئاسۆسەوە

کۆمپانیای asus یەکێکە لەم کۆمپانیایانەی کە لەبواری بەرهەمهێنانی ئامێری دیجیتالی و کۆمپیوتەردا شوێنی دیارە، هەرچەندە زیاتر چالاکی کۆمپانیاکە لەبواری بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر و پارچەکانی کۆمپیوتەردا چڕبۆتەوە. لەم دواییانەدا مۆنیتۆرێکی زۆر تایبەت لەلایەن کۆمپانیای ناوبراوەوە بەرهەم هات کە هەتا 90 پلە بەدەوری خۆیدا دەسووڕێ و لە حاڵەتی ستوونیشدا شاشەکە نیشان دەدات.

مۆنیتۆرەکە کە بە P238Q ناسراوە، خاوەنی دیقەی 1920 لە 1080ـە. جگە لەوەی کە شاشەکە لە بواری دیزاینەوە سەرنجڕاکێشە، بەڵام تایبەتمەندییەکی دیکە کە لەو شاشەیەدا دەبیندرێ ئەوەیە کە بە دانانی سێ شاشە لەلایەك دەبێتە یەك شاشە و کوالیتییەکی بەرز نیشان دەدات. سایزی شاشەکە 23 ئینجە و هەردوو پۆرتی USB و HDMI هەیە.

## کامێرایەکی بچووک بەڵام ئەرکی مەزن



کۆمپانیای Pentax بەم دواییە نوێترین کامێرای بەرهەم هێناوە کە بە زنجیرەی Q ناسراوە، دەکرێ بڵێین ئەو کامێرایە بچووکترین کامێرایە کە عەدەسەکەی دەگۆڕدرێت. هەرچەندە پێش ئەم کۆمپانیایەش کۆمپانیاکانی Sa-sung, Panasonic, sony..یش کامێرای لەم چەشنەیان بەرهەم هێناوە، بەڵام جیاوازی ئەو کامێرایە لەگەڵ هاوشێوەکانی لەوە دایە کە کۆمپانیاکانی دیکە بە سوود وەرگرتن لە هەستەوەری گەورە توانیویانە کوالیتی کامێراکە بەرنە سەر، بەڵام کامێرای Pentax Q هەستەوەرەکەشی هەر بە قەد خۆیەتی. جگە لەو جیاوازییە گرنگە لە بواری کۆنترۆڵ و کوالیتیەوەش جیاوازیان هەیە. کامێراکە 12,4 میگاپیکسلە، خێرایی وێنەگرتنی کامێراکە 5 فرێم لە چرکەیەکدایە. هەروەها کامێراکە بۆ وێنەی ڤیدیۆیی بە کوالیتی Full HD وێنە دەگرێت.

## لەم یارییەدا یارمەتی ئەو خێـ



## ویندۆزەکەت لەسەر فلاش میمۆری بکەرەوە

ویندۆزی کۆمپیوتەر ئەو سیستەمە کە بەگەڕخەری دینەمۆی کۆمپیوتەرە، بەبێ ویندۆز کۆمپیوتەر وەك کارتۆنێکی بەتاڵ دەچێت، بەڵام پرسیارێك بۆ زۆر لەو کەسانەی کە کاروباری کۆمپیوتەر ئەنجام دەدەن ئەوەیە کە ئایا دەکرێت ویندۆز بچێتە سەر فلاش میمۆری، لەبری هارد فلاش میمۆری بەکار بهێنرێت. کۆمپانیایەکی تایوانی لەم دواییانەدا فلاش میمۆرییەکی بەرهەمهێنا تایبەت بە ویندۆز، کە گشت ویندۆز دەچێتە سەر فلاش میمۆرییەکە. بەهۆی ئەو فلاشەوە دەتوانرێت کاتێك کۆمپیوتەرەکەت کوژاندەوە فلاش میمۆرییەکە دەربهێنی ئیدی هەموو زانیاری و داتاکانت لەسەر فلاش میمۆرییەکە خەزن بوونە. ڕەنگە ئەم فلاش میمۆرییە ببێتە جێگرەوەی هاردی کۆمپیوتەر.






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێ

خوێنەرێك پرسیار دەکات کە کاتێك کاری مونتاژ بە کۆمپیوتەر دەکەم، لەناکاو لەکاتی ڕێندەرکردنی ڤیدیۆییەك یەکسەر کۆمپیوتەرەکەم ریستارت دەبێتەوە، ئایا هۆکاری ریستارت بوونەوەی کۆمپیوتەر لەو کاتانەدا بۆچی دەگەڕێتەوە..

خوێنەری بەڕێز، کێشەی ریستارت بوونەوەی کۆمپیوتەر لەکاتی کاری گرافیك و ڕێندەردا بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە، یەکەمیان نزم بوونەوەی ڤۆڵتیەی کارەبایە، بەتایبەتی کارەبای موەلیدە کە لەوەرزی هاویندا بەهۆی گەرمی و زۆر بەکارهێنانی بەرز و نزم دەبێت، دووەم هۆکار بۆ پاوەر سپلای کۆمپیوتەرەکەت دەگەڕێتەوە، کە پاوەر سپلاکە ماندووە و توانای جارانی لەدەست داوە، بۆیە دەبێ بگۆڕدرێ، بەلام ئاگادار بە کە ئەو پاوەر سپلایەی شوێنی پاوەر سپلا کۆنەکە دەگرێتەوە، دەبێ Watی کەمتر بێت لە هی خۆت، بە هۆی ڕێنمایی سەر پاوەر سپلاکە بۆت دەردەکەوێت کە چەند wat دەوێت. وا باشە واتی کارەباکە لە 250 تێپەڕ نەکات.

## تەبلێتێک 16 کاتژمێر شەحنی پێویست نییە



جیهانی تەبلێتیش tabletیش بەرە بەرە شوێنی خۆی لە دنیای تەکنۆلۆژیای دیجیتالی دا کردەوە، تەبلێتی جۆری Eee pad transformer کە لەلایەن کۆمپانیای ئاسۆسەوە بەرهەم هاتووە، هەندێك تایبەتمەندی تێدایە کە بەهۆیەوە لە هاوشێوەکانی خۆی جیا دەبێتەوە. دەکرێ بڵێین ئەوە یەکەم تەبلێتە کە خاوەنی کیبۆردی جۆری Queryی فیزیکییە، کە ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەکارهێنەر جگە لە کیبۆردی مەجازی لەو کیبۆردەش سوود وەربگرێ. لەهەمووشی گرنگتر ئەو تەبلێتە باترییەکەیتی هەتا 16 کاتژمێر دانابەزێت کە ئەوەش بۆ تەبلێت زۆر گرنگە. تەبلێتەکە خاوەنی 2 کامێرای 2 میگاپیکسل و 5 میگاپیکسلیە. هەروەها ئەو تەبلێتە دەتوانێ گشت ئامێرەکانی ماڵەوە ئەوانەی کە لە سیستەمی وای فای سوود وەردەگرن تەنیا بە سێ کلیك پێکەوە ببەستێتەوە.

## ــزانە بدە

یاری ئەلکترۆنی پانتاییەکی بەرفرەی لە وەرزی هاوینی گەنجاندا هەیە، بۆ ئەم جارە یارییەکی سەرنجڕاکێش و ئاسانتان پێدەناسێنین. یاری Farms capes لەم یارییەدا تێپەڕکردنی قۆناغەکان ئەوەندە سەرنجڕاکێشن، کە ئێوە هیچ هەست بە بێزاری ناکەن، لەم یارییەدا دەبێ یارمەتی باوك و کوڕێك بدەی کە حەوشەی ماڵەکەی خۆیان کە بۆتە کاوڵگەیەك بکەنە باخچەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش. بۆ بەدەستهێنانی پارە و کڕینی پێداویستی دەبێ بە قۆناغەکاندا دەرباز بی، میوەکان بفرۆشی و باخەکەت رازاوەتر بکەی.

یارییەکە یارمەتیدەرە بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزیش، چونکە بەردەوام باوك و کوڕەکە پێکەوە لە گفتوگۆدان، هەندێك کەلوپەلی ون بوو هەیە دەبێ بیاندۆزیەوە. ئەنیمەیشنی یارییەکە زۆر ئاسایین و لە بواری گرافیکیەوە زۆر لەسەرێیە.